# دڵۆپەکانی شیعر و گازگرتن لە وشە.

## - (وریا مەزهەر) و (زانا خەلیل) لە ئانی بەخشینی ناسنامەی شیعرییدا -



**بلند رۆستەم**

**فرۆید: ئەو کەسە شاعیرە ، کە دەزانێ چۆن خەون و خەیاڵەکانی دەکاتە بەرهەمی هونەری یان حەقیقەتێکی هەستپێکراو.**

**١- (وریا مەزهەر) و (هیچ).**

**(هیچ!) ، دیوانێکی شیعری (وریا مەزهەر)ی شاعیرە و لە ساڵی ( ٢٠٠٢)دا بڵاوکراوەتەوە.**

**ئەو دیوانە لەکاتی خۆیدا گرینگی خۆی هەبووە لەسەر رەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی . بە پێویستی دەزانم لەم باسەمدا لە کۆمەڵێک روانگەی فکرییەوە قسە لەسەر (هیچ!) بکەم:**

**(هیگل) لەمەڕ ئەخلاقیاتی هونەرەوە گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی خوڵقاند ، ئەو پێیوابوو داهێنان و تازەگەری دەبێت توندوتۆڵ بن بۆ نیشاندانی سیفەتە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی : (رۆمیۆ)ی (شکسپیر) و (ئەخیل)ی (هۆمیرۆس) ، مرۆڤی تۆکمەن. (هیگل) ئەو دیدە سادەیە رەتدەکاتەوە کە بۆ هونەر هەیە ، هەوڵی نیشاندانی هەمان ئەو شتە دەدا ، کە (مۆلێر) نیشانیدابوو (بۆچونەکانی هیگل تەواو پێچەوانەن لەگەڵ دیدی رۆمانسییەکان. پێموایە (هیگل) نزیکدەبێتەوە لە ریالیزمییەکان بەتایبەتی لە بابەتی (ئایدیا)دا ،ئەو پێیوابوو پێویستە شیعر وێنای شتی زیندوو بکا . ئەو جەوهەرەش هەموو شتە ئایدیالیزمییەکەیە.**

**(وریا مەزهەر) هەوڵی وێناکردنی شتگەلێک دەدا ، کە زیندوون و لە شاری مردوواندا پیاسە دەکەن. رەنگە هەر ئەو شتە زیندووانەی شاعیران هەوڵی وێناکردنیان داوە و (هیگل)یش پشتگیری کردوون ، شتگەلێکی مردوو بن. دواجار پێوەرێکمان نییە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هەر بەڕاستی شتە مردووەکان مردوون و شتە زیندووەکان زیندوون؟ ئەو نەبوونی پێوەرە ، هەمان ئەو شتەیە کە (وریا) پێوەر و میتۆدی شیعری خۆی لەسەر بینا دەکا.**

**(وریا) نەکەوتۆتە ژێر گوشاری ئایدیاکانی (هیگل)ەوە تا لە ریالیزم نزیکببێتەوە ، هاوکات خۆشی نەبەستۆتەوە بە رۆمانسییەکان کە لە سەرەتاوە بزوتنەوەیەکی نارەزایی بوون بەرامبەر کلاسیزم و پرەنسیپ و میتۆدە کۆنەکان و شێوەی ئەرستۆکراتی ئەو ناوەرۆکانەی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەهاتن.**

**رۆمانتیکییەکان پێیانوابوو هیچ بابەتێک ناپاب نییە ، بۆیە هەموو شتێک شایستەی ئەوەیە بکرێتە هونەر:**

**وادەی تیاچوون لەوبەری کات**
**وادەی چاولێکەری بە چاوی سێهەم**
**لەبن**
**بن**

بن
هەرچی یاد و بیرەوەری
کاتی هانا بردن بۆ تاکە حەژمەتەکە
تاکوو بای بیانووت
لەگەڵ پەرەسێلکەی پرسیارەکانی هەڵبکات
کە:
لەبن ئەو بیرە رەشەدا
زریان ئیتر بۆ هەڵناکا؟!

چەندین کەس بە بۆچونی جیاوازەوە لە (واتا)ی شیعری دواون . ئەو بۆچونە زۆر و دژ بەیەکانە ، وایانکرد لەلایەن کەسانێکەوە بگوترێ : شیعر قسەی بۆشە و جۆرێک لە گەڕانەوە هەبێ بۆ ئەو وشە یۆنانییەی شیعری لێوە دروستبووە.

(سوقرات) دوژمنی گەورەی شیعر بوو ، سەرچاوەی شیعری بۆ ئیلهام دەگەڕاندەوە و پێیوابوو شاعیر ناتوانێ شیعرەکانی لێکبداتەوە و رەخنەیان لێبگرێ.

(پلاتۆ)ش پشت لە مامۆستاکەی ناکات و شیعر بە شتێکی بێ مانا لە قەڵەم دەدا و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی شیعر بە تەنها خەریکی لاسایکردنەوەی وێنەی شتەکان و وێنەی حەقیقەتە ناتەواوەکانە.

بە بۆچونی من (پلاتۆ) بە دیدێکی ئایدیالیزمییەوە مەودایەک دەداتە کات و شوێنی کۆمەڵ و گەردوون.

ئەوانەی بەربەرەکانێی شیعریان دەکرد ، شیعریان بە هۆکارێکی راگەیاندنی زانست دادەنا و واتای بنچینەیی شیعریان دەگەڕاندەوە بۆ زمانە ئەوروپییە تازەکان. (واتا) لە شیعری (وریا)دا راستەوخۆ ئیش لەسەر خوڵقانی نەکراوە ، واتە (وریا) راستەوخۆ ئیشی لەسەر خوڵقاندنی (مانا) نەکردووە.

هەوڵی (وریا) بۆ بونیاتنانی (مانا)ی تایبەت ، لە چوارچێوەی هەمان ئەو فەزایەدایە کە شیعرەکانی تیادا نووسیوەتەوە. شاعیر بەر لە دەستکردن بە نووسین ، بیری لە دروستکردنی( مانا) نەکردۆتەوە ، ئەو مانایەی زۆر لە شاعیران و رەخنەگرانی کورد پێیانوایە ، شیعر بریتییە لە دروستکردنی مانا (عەبدولخالق یەعقوبی وەها بۆچونێکی هەیە).

ئەو بۆچونەی (عەبدولخالق یەعقوبی)ی ، خەساندنی وشەی (مانا) و کوشتنی (مانا دروستکردنە) وەکو کردارێک ، دواجار پشت بەستن بەو ئایدیایەی (عەبدولخالق)، ئەوەندەی لە شیعری (وریا مەزهەر) دوورماندەخاتەوە ، حاڵیمان ناکا لێی. ئەوە من نیم ئەو بۆچونەی (عەبدولخالق) رەتدەکەمەوە ، خودی شیعرەکانی (وریا)ن ، ئەوکاتەی هەست دەکەن چەند نامۆن بەو بۆچونە و ئەو بۆچونەش چەند نامۆیە بە ئەوان:

واتە ، ئێمە
هەر بۆ وادەی چەن خولکەیەک کۆپکی چاومان دادەخەین و
خولێ لەنێو تونێلەکانی دەروونمان دەخۆین و
دەگەڕێینەوە سەر شوێنی خۆمان و هەم دیسان
چاومان دەبێتە توونێلێکی ئاوەڵە بۆ تێپەڕبوونی قەتار و

قەتار
نارِوا
جووڵە
لە شوێنی خۆی ناکا ،
بەڵام ئێمە وا قەرارە
لە وێستگەی چەندەم
دا -
بەزین.

یاخیبوون لە ئەزموونەوە بۆ فکر دەچێت و بە ناوی ئایدیای رەهاوە قسە ناکا . دەرچوون لە لۆژیکی یاخیبوون کە (کامۆ) بە میانرِەوی دادەنێ ، مەترسیدارە.

(کامۆ) هەموو یاخیبوونە مێژووییەکانی وەکو (سپارتاکۆس) و شۆرِشی کۆیلەکان و شۆرِشی فەرِەنسا دەخاتە ژێر باسەوە. ئەوکاتەی (کامۆ) قسە لەسەر کوژرانی شا دەکا لەلایەن فەرِەنسییەکانەوە ، قسە لەسەر ئەو تیۆرانەش دەکا کە رێخۆشکەربوون ، تا دەگاتە نووسینەکانی (رۆسۆ) و (پەیمانی کۆمەڵایەتی). مرۆڤ خۆی چارەنووسی خۆی دیاریناکا ، ئەوە رەوتی حەتمی مێژووە چارەنووسی ئەو دیاریدەکا (ئەمە دیدی کامۆیە لەهەمبەر فەلسەفەی هیگل). ئەوانەی سەردەکەون ، لەبەر پێویستی مێژووە ، لێرەوەیە رەوایەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری دێت.

(کامۆ) بەوەش وازینەهێناوە ، (ئەفسانەی سیزیف)ەکەی لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر چەمکی پوچی و خۆکوشتن و (مرۆڤی یاخی)یەکەی لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە یاخیبوون و کوشتن. ئەوکاتەی مرۆڤ باوەرِی لەدەستدەدا ، دەکرێ لە بەرگێکی لۆژیکییانەدا ، بیانوو بۆ کوشتی ئەوانیتر بهێنێتەوە.

مرۆڤی یاخی ئەو مرۆڤەیە ، لە پێناوی بەهایەک یاخی دەبێت . (وریا )ی یاخی ، لە پێناوی بەهایەک یاخی دەبێت ، کە بەهایەکی تاکەکسییە ، وەلێ بەقەد تاکەکەسی بەهاکە ، تاکەکەس بە مرۆڤایەتییەوە گرێدەدا ، ئەو ئازارەشی هەیەتی، ئازارێکی بە کۆمەڵە بەهۆی ئەو نەمانی سنوورەی لە سەرەوە باسمان کرد ، ئەمەش جیاوازی نێوان یاخیبوون و پوچێتییە، کە لەوەی دووەمیاندا ، ئازار تاکەکەسییە.

هەموو یاخیبوونێک بە شتێک دەستپێدەکا و بە شتێک کۆتایی دێت:

ئەگەر یاخیبوونی میتافیزیکی بە ناوی ئازادی مرۆڤەوە دەستپێبکا و بە ستەم کۆتایی بێت و یاخیبوونی مێژوویی بە دادپەروەری دەستپێبکا و بە کەمکردنەوەی ئازادی تاک کۆتایی بێت ، ئەوا یاخیبوونی (وریا مەزهەر) بە (وریا مەزهەر) دەستپێدەکا و هەر بە (وریا مەزهەر)یش کۆتایی دێت:

ئێستا منم : ساوای کوژراو : وریا مەزهەر
کە دەنگی خۆی دۆزیەوە و
بە دەنگی خۆم وا باشترە
لە بەرامبەر ئەو دادگایەی ئێوەی بەرِێز و
بە شەرافەتی ئاوەس بوونمان سوێند بخۆم و رایبگەیەنم:
- کام دادگا و کام ئێوە و کام بەرِێز و کام شەرِەف و کام ئاوەس بوون؟

ئۆقره بگرن
پێتا دەڵێم:
هەر وا کە من بە دەستی من نەکوژراوە
لێرەش
قەتڵێ
رووی
نەداوە.




٢- (زانا خەلیل) و ( کتێبی شێوازەکان).

(کتێبی شێوازەکان) ، یەکێکە لە دیوانەکانی (زانا خەلیل) کە لەساڵی (٢٠٠٧)دا بڵاوکراوەتەوە . ئەو بەرهەمە گوزارشتە لە بەشێک لە ئەزمونی شاعیر . ئەوا لە خوارەوە لە چەند روانگەیەکی فکرییەوە قسەی لەسەر دەکەین:

ئەوەی دەرونشیکاری (سارتەر) جیادەکاتەوە لە دەرونشیکاری (فرۆید) و مەودایەک دەخاتە نێوان( دەرونشیکاری فرۆیدی) و (دەرونشیکاری سارتەری) ، رەتکرانەوەی نەستە لای (سارتەر) ، یان دەکرێ بڵێین کاڵبوونەوەی نەستە لای ئەو بیرمەندە و بۆچونی پەسەندکراو هەر ئەوەیە کە گشت نەخۆشییە دەرونییەکان سەرچاوەکەیان دیاریکردنێکی ئاگایانەیە.

دەرونشیکاری تیۆریایەکی شیکەرەوەیە و بەقەد ئەوەی خوێندنەوەی دیرۆکی دۆخێکی نیرۆسییە ، بریتی نییە لە چارەسەرکەرێکی ئەلتەرناتیڤی. دەکرێ ئەو بۆچونە لە سوچە لە فکری و دەرونییە جیاوازەکاندا ئیشی لەسەر بکرێت و گەڕانەوە بۆی بریتی نەبێت لە گەڕانەوە بۆ بیرمەندێکی دیاریکراو ، بەڵکو دەشێ گوزارشتکردن بێت لە بەشێک لە دەرەنجامەکانی فکری فەلسەفی فەرەنسی.

بەڵام لای (فرۆید) ، دەرونشیکاری لە جەوهەردا تەکنیکی چارەسەرکردنی تێکچون و گرژییەکانە ، ئەمەش دژە لەگەڵ ئەو دیدە سارتەرییەی خستمانە روو. هەر لەو روانگەیەی باسمان کرد ، (سارتەر) بایەخی زۆر دەدا بە (بۆدلێر) بەهۆی ئەو لێکچونە زۆرەی لەنێوان منداڵیی (سارتەر) و منداڵیی (بۆدلێر)دا هەیە.

زۆر جار لێکچون چەمکێک بەدوای خۆیدا دەهێنێ کە چەمکی (بایەخدان)ە ، بایەخدان بە ئەویتر بەهۆی ئەو لێکچونەی لەنێوان من و ئەویتردا هەیە . (لەوچوو) لەو ساتەدا شتێکە بە تەنها و هەر هەوڵێکیش بۆ گشتاندنی ئەو (لەوچووە) ، کوشتنی (لێچوو) و (لەوچوو)ە لە یەک کاتدا ( مەبەستمان لە کوشتنێکی مەعنەوییە).

(بۆدلێر) و (سارتەر) لە تەمەنێکی زووەوە باوکیان لە دەستداوە ، ئەمەش لێکچونە جەوهەرییەکەی نێوان منداڵیی (سارتەر) و منداڵیی (بۆدلێر) ە کە دواتر هەردووکیان لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبیاتدا ژیان و هەر لەو نێوەندەشدا

مردن ، مردنێک سەرەتاکەی ئەدەبیات و کۆتاییەکەی فەلسەفەیە ، دەکرێت بە پێچەوانەوەش بووبێت. ئەوەی گرینگە لەو ئاستەدا ، بوونی ژیانی دوو بیرمەندە کە نوقمی فەزا فەلسەفی و ئەدەبییەکان ببوو ، کارلێکی هەردوو فەزاکەش کۆمەڵێک تێکست دەخاتەوە.

(زانا) لەو کۆمەڵە شیعرەدا زۆرجار هەوڵدەدا لە (ئەویتری نادیار) بچێت . لێچون لە ئەویتر لە شیعری (زانا)دا ، هۆکارەکەی سەرەنجدانی شاعیر و بڵندی ئەو (ئەویتر)ە نییە لە ئاست شاعیردا.

شاعیر زۆر جار خۆی بە ئەویتر دەچوێنێت تا زیاتر لە بوونی خۆی دڵنیا ببێتەوە ، ئەو لە ڕێگەی ئەو بەراوردکردنەوە ، پێگەی شیعری خۆی قایمتر دەکا لە شیعرەکانیدا ، ئەو کاتەشی هەنگاوێک بەرەو پێشەوە دەنێت و دەیەوێت ئەو ئەویترە تێپەڕێنێت ، ڕووبەڕووی ئەویترێکی تر دەبێتەوە کە دەربازبوون لێی گەڕانەوەیە بۆ لای( ئەویتری یەکەم )، بۆیە ناچار شاعیر لەگەڵ ئەو (ئەویتری دووەم)ە هەڵدەکا و ئەو هەڵکردنەش تا ئاست و سنووری کۆتایی هاتنی شیعرەکە درێژدەبێتەوە.

کۆتایی شیعرەکە کۆتایی ئەو ئاشنایەتییەیە ، وەلێ ئەو کاتەی تێکستێکی تر دێتە پێشەوە ، ئاشنایەتییەکی تر دەستدەکاتەوە بە جوڵە کە ئاشنایەتی نێوان شاعیر و شتێکە ، دۆستی ئەویتری یەکەم و ئەویتری دووەمە کە لە دەقەکانی پێشتردا خۆیان بەیان کردووە.

لێکچونی نێوان (بۆدلێر) و (سارتەر) لە چەند ئاستی جیاوازدا خۆی بەیان دەکا ، لە گرینگترینی ئەو ئاستانەش سەردەمی منداڵی هەردوو بیرمەندەکەیە ، هەردوو بیرمەند لە منداڵییەوە باوکیان مردووە و جێیهێشتوون ، ئەو جێهێشتنەش لێکچونی نێوان هەردوو بیرمەندە.

ئەوکاتەی یار شاعیر جێدێڵێت ، شاعیر ناچار دەبێت خۆی نزیک بکاتەوە لە شتگەلێک و هەوڵی دۆزینەوەی پنتی هاوبەش بدات لەنێوان خۆی ئەو شتگەلانەدا ، ئامانجیش پڕکردنەوەی مەوداکانی نێوان شاعیر و یار و کورتبوونەوەی ڕێگای گەیشتنە بە یار:

رۆژێک رۆنیشتم و هزریم ...باوەڕم وابوو
تۆ ... بەتەنیا لە ساغەر دەچیت.
بۆیە
ئەگەر چرکەیێ دیار نەمایت و ون بوویت
یان بوویتە تراویلکە
وەرە لە خیابانەکانی گیانی مندا
بە دوای ئەدرێسی رۆحی خۆتدا بگەڕێ
چونکە بڕیارم داوە
لە بچووکترین دەرفەتدا
تا حەددی ونبوون بتخۆمەوە.




١- ئاڕاستەی خودە بەرەوە ئەویتری ئاڕاستەکراو.
٢- ئەویتری ئاڕاستەکراو.

هەڵبەت بازنەکە تێکستەی شیعرییەکانی (زانا) یە و راستەهێڵی سەر بازنەکەش ، ئاڕاستەی شیعری شاعیرە کە تەریبە بە ئاڕاستەی خود بەرەو ئەویتری ئاڕاستەکراو.(لایب نتز) ناچارمان دەکا لە بەرامبەر نەهامەتییەکاندا بوەستینەوە ، چونکە ئەگەر تەمەن بدرێتەوە بە کەسێک ، لە سەرەتاوە دەست دەکاتەوە بە ژیان و ئەو ژیانە باشترین ژیانێکە ئەگەری بوونی هەبێت و ئەو کێشانەشی هەن ، پەیوەندییان نییە بە خوداوە ، خودا کارەکانی باشن.

خراپە لەناو نەبووندایە ، ئەوە مرۆڤە مەحکومە بە (سروشت) ، خراپە واز لە شتێک ناهێنێ ئەگەری هاتنی هەیە. پێویستە هەمەکییانە سەیری شتەکان بکەین ، ئەگەر جوانی بکەینە پێوەری چاکە و خراپە ، هەست بە زاڵبوونی چاکە دەکەین بەسەر خراپەدا. (ڤۆڵتێر) زۆر بە توندی وەڵامی (لایب نتز) دەداتەوە ، (شۆپنهاوەر)یش بۆچونەکانی (لایب نتز) رەتدەکاتەوە. باشترین دونیای هەبوو کە خودای گەورە ئافرێنەریەتی ، بێ مانایە ، مەگەر خودا بە بچوک دابنێین و پێمانوابێت خودا توانای دروستکردنی دونیایەکی باشتری نییە.

خراپە شتێکە (زانا) رەتیدەکاتەوە ، بەڵام ئەمە واتای وانییە دووربکەوێتەوە لە دیدی (شۆپنهاوەر) و (ڤۆڵتێر) و نزیکبکەوێتەوە لە دیدی (لایب نتز) ، رەشبینییەک بۆ ژیان (کە مەرج نییە رەشبینییەکی شۆپنهاوەری بێت و دەکرێ ی خودی شاعیر بێت) ،بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێ ، رەشبینییەک سەرەتاکەی ژیانە و کۆتاییەکەی ژیان.

(زانا) رەشبینە لەو دونیایەی دڵنیایە لە بوونی و گومانی لە بوونی نییە ، رەشبینە لەو هاوکێشەیەی خۆی شیکاری دەکا و کەچی ئەنجامەکان دڵخۆشی ناکەن (بۆی هەیە شیکارەکەی هەڵە بووبێ). ژیانی (زانا) ئەو ژیانەیە ، بەدوای ژیانێکی لەدەستچوودا وێڵە نەک ژیانێکی دیکە، (زانا) بۆ ئەو ژیانە وێڵە کە هەیبووە و لەدەستی داوە ، نەک بۆ ژیانێکی نادیار و ژیانێک گومان لە بوونی هەبێت:

سەیر لەوە دایە
دوای ئەو ئینفۆرماتسیۆنەش
ئەوەی لەسەر تەنافەکانی
سەرزەمینی رەشبینی چاوەروان دەکرێ
پێیدەڵێن : خەون

کەواتە زەحمەتە بۆشاییەک هەبێت بۆ بەختەوەری
لەوە دەچێت خەون تەنیا سێبەرێک بێ
تا ژیان بژێینێ.

خۆنووسینەوە بە سەرنجدان لە ئەوانیتر ، شیعر نووسین بە سەرەنجدان لە کەسێکی تر (مەرج نییە ئەو کەسە شاعیر بێت یان حەزی لە شیعر بێت) ،سەرەنجدان بە گشتی ، شتێکی ئاساییە ، تەنانەت لە کایەی فەلسەفیشدا.

(توسیدیدپی) بە سەرەنجێکی تایبەت بە بنەمای (سۆفستایی) ، هەوڵی نووسینەوەی مێژووەکەی خۆیدا و لە شانۆنامەکانی (سوفکل) و (ئوپرێد)دا، هەست بەو کاریگەرییە دەکرێ. لە زانیارییەکانی سۆفستاییەکان ،پراگماتیزم و یوتیلیتیرتیزم و گزسیتاسیالیزم و پۆزەتیڤیزمان دەست دەکەون. سەرەڕای ململانێی توندی (سوقرات) و (ئەفلاتون)، ناکرێ کاریگەری سۆفستاییەکان لەسەر ئەدەب و مێژوو لەبیر بکەین.

(توسیدیدپی) بۆ مەبەستێکی مێژوویی خۆی ، گەڕاوە بۆ سۆفستاییەکان ، لە کاتێکدا سۆفستاییەکان سەر بە مێژوو نەبوون ، واتە گەڕایەوە بۆ (ئەویتر)ێک، کە لە چەقی خوددا نییە (ئەگەر مێژوو لە بەرامبەر توسیدیدپیدا بە خود ناو ببەین) . (زانا) بۆ نووسینەوەی خۆی ، سەرەنج لە ئەویتر دەدا ، با بڵێین:

سەرەنج لە ئەوانیتر دەدا ، (ئەو - ئەوان) دەکاتە کەرستەیەک بۆ نووسینەوەی (من)ێک ، کە خودی شاعیرە . لێرەوە (زانا) سنووری نێوان خۆی ئەوانیتر تێکدەشکێنێ، بە بێ ئەوەی جێناوەکان تێکەڵبکا. شکانی سنووری نێوان جێناوەکان ، نابێتە هۆی تێکەڵبوونی ئەو جێناوانە ، بەڵکو زیاتر سیفەتی سەربەخۆییەکەیان دەچەسپێنێ و وایانلێدەکا سەر بە خۆیان بن و سەر بە ئەوانیتر نەبن:

پردێکی رەش هەیە لە گومانەوە دەمگەیەنێتە گومان.
پردێکی سوور هەیە لە گومانەوە دەمگەڕێنێتەوە بۆ گومان.
پردێکی خۆڵەمێشی هەیە ئاسمانی لە گومانە و
پردێکی بێ کەنار هەیە ژێرەوەی دەریایەکە لە گومان.
کەوابێ من لە خاڵێکدا چەقبەستم بەناوی گومان
یان گومانێکی چەقبەست هەیە بەناوی من!؟

---


سەرچاوەکان:

١- کتێبی شێوازەکان ، شیعر، زانا خەلیل ، ٢٠٠٧ ، هەولێر.

٢- هیچ! ، شیعر ، وریا مەزهەر ، ٢٠٠٢.

٣- سارتر بین الفلسفه والادب ، ترجمه : مجاهد عبدالمنعم مجاهد ، منشورات دار مکتبه الحیاه - بیروت.

٤- حەقیقەت و جوانی ، بابەک ئەحمەدی ، وەرگێرانی : مەسعوود بابایی ، ٢٠٠٨، دهۆک.

٥- کروچە ،کلیات زیبایی شناسی، برگردان .ف. روحانی ، تهران ، ١٣٥٠ (١٣٥٨).

٦- Letranger / AIBERT CAMUS / Introduzione di: Dario antiseri / Italia / 1994

٧- La chuta / CAMUS / Introduzione di: zulima zulyharr/ Italia / 1995

٨- TOTEM UND TABU / S. FREUD /intoduzione di: kassi perez / Italia /1984